**- گەر تۆ چاوەڕوان بیت و چاودێری بکەیت و بیری لێ بکەیتەوە و هەڵگێر و وەرگێری بکەیت ئاخۆ ئەو خانمەی لەگەڵ تۆدایە یاری دەکات یان هەر بە ڕاستی ئەڤینداری تۆیە، ئەوسا بە هەموو ژیانت ناتوانیت هیچ ئافرەتێکت خۆشبوێت**
**- خۆشەویستی خەونە، خەیاڵ و فانتازیایە، داستانە ــ ڕۆمانس و عیشقبازییە و شیعرە. ئەگەر تۆ کوشتە و گەڕیدەی دوای هەقیقەتی، خولیای ڕاستیت، کەواتە خۆشەویستی بەرگ و سیپاڵی تۆ نییە**
**- خەڵکی هەست بە تەنیایی دەکەن، هەر هەمووشمان پێویستیمان بەوە هەیە کە کەسانێک هەبن لەو تەنیاییە ڕزگارمان بکەن، کەسێک بێت و بۆشایی ڕۆحیمان پڕ بکاتەوە. هەر هەمووشمان ئەم گەمەیە ناو دەنێین خۆشەویستی**
**- ئەم دلەڕاوکێ و ترسە سەبارەت بەوەی ئاخۆ خۆشەویستیی بەرامبەرەکەت ڕاستەقینەیە یا نا زۆر بە سادەیی یەک شتمان پێ دەڵێت: کە خۆشەویستییەکەی تۆ ڕاستەقینە نییە و جێگەی گومانە**

**مەپرسە ئاخۆ ئەو ئەوینە ڕاستەقینەیە یان نا؟ تۆش بڕۆ ناو گەمەکەوە**

**نووسینی: ئۆشۆ**
گرفتی گەورەی مرۆڤ لەوەدایە کە هەر کاتێک دەکەوێتە داوی خۆشەویستییەوە، هەرچی تێرامان و ئەندێشەمەندی و لەخۆڕامان هەیە لە یادی دەچێت. من بۆ هەمیشە لە دەوروبەری خۆم ورد دەبمەوە ــ کە دەبینم هەندێک کەس دیار نەماون و بزر بوون. من ئەوسا تێدەگەم کە چییان لێ بەسەر هاتووە. تەواو..کەوتوونەتە داوی خۆشەویستییەوە..ئەوین بردوونی. بۆ هەنووکە لەو بڕوایەدان کە لێرە کەس پێویستی بەوان نەماوە. بە تەنها ئەو کاتە دەگەڕێنەوە لای من کە خۆشەویستی ئاڵۆز بوویێت و کێشە و گرفتی زۆری نایێتەوە بە ڕادەیەک کە گەیشتبێتە بنبەست و هیچ چارەسەرێکی نەبێت. ئەو کاتە دەگەڕێنەوە و دەپرسن: 'ئۆشۆ..چارەسەر چییە و چی بکەین؟'
ئەو کاتەی نوقمی خۆشەویستی دەبن، مێدیتاسیۆن و تێرامان و خۆخوێندنەوەتان لەیاد نەچێت. بە نیازی ئەوە نەبیت کە خۆشەویستی هیچ چارەسەر و پەرجوویەکی هەبێت. خۆشەویستی بە تەنها توانای ئەوەی هەیە کە پێت بڵێت کە تۆ کێیت، لە کوێدا وەستاویت. ئەوەش زۆر گرنگە کە خۆشەویستی ئەو هێز و چاوەت پێ دەبەخشێت کە وشت و وریا و بێدار بیت ــ ئاگاداری هەر هەموو ئەو پشێوی و ئاژاوەیە بیت کە خۆشەویستی لە ناو تۆدا بەرپای کردووە. کەواتە ئێستا کاتی خەڵوەتنشینی و تێرامانە لە خۆت و لە خۆشەویستی! هەڵبەت.. ئەگەر خۆشەویستی و تێرامان و مێدیتاسیۆن هاوئاهەنگ بن و پێکەوە هەڵبکەن، ئەوسا تۆ دەبیت بە خاوەنی هەردوو باڵەکە، ئەوسا ئاسانتر هاوسەنگیی خۆت دەپارێزیت.
دیارە ئەگەری پێچەوانەکەشی لەئارادا هەیە. هەر کاتێک کەسێک وەها قووڵ چووە ناو تێرامان و خۆی لە ناو خەڵوەتەکەیدا خنکاند، ئەوسا دووچاری دەردی خۆدوورخستنەوە دەبێت لە خودی خۆشەویستی و لێی دەتەکێتەوە، چونکە وا مەزەندە دەکات کە ئەگەر کەوتە داوی خۆشەویستییەوە ئیدی خەڵوەتەکەی لێ تێکدەچێت و لەو مێدیتاسیۆن و تێرامانە دەتەرێت... ڕۆحی دەشێوێت ــ ئەوەیان بۆ خۆی هەڵەیە. خەڵوەت و تێرامان ناشێوێت، بەڵکو پتر یارمەتیدەر دەبێت. بۆچی و چۆن یارمەتیت دەدات و بە هاناتەوە دێت؟ چونکە ئەوکات خۆشەویستی بەرچاوت ڕۆشن دەکاتەوە تاوەکو کوێ گرفت و کێشەکان ببینیت..کۆسپ و تەگەرەکان وان لە کوێ؟ بە بێ خۆشەویستی ناتوانیت بایی ئەوەندە هۆشیار بیت کە گرفت و کێشەکانی خۆت بناسیتەوە. بەڵام نەناسین و نەدیتن و بێئاگابوون لە گرفت و کێشەکان مانای چارەسەری ناگەیەنێت. ئەگەر هیچ ئاوێنەیەک نەدۆزیتەوە، مانای ئەوە نییە کە تۆ هیچ ڕووخسارێکت نییە.
مەرجە خۆشەویستی و تێرامان دەست لە ناو دەست پێکەوە هەڵبکەن. ئەوەیان بۆ من یەکێکە لە پەیامە بنچینەیی و سەرەکییەکان کە لە تەک تۆدا بەشداریی پێ بکەم: بەڵێ.. مێدیتاسیۆن و خۆشەویستی دووانەی یەک سکن. عیشق بکە و ڕابمێنە، ڕابمێنە و عیشق بکە ــ هێدی هێدی هارمۆنییەکی تازە لە ناو ڕۆحی تۆدا سەر هەڵدەدات. بە تەنها ئەو هارمۆنی و گونجاندنە ساز و دڵنیا و قایلت دەکات.
پرسیار: ئاخۆ من چۆن بزانم کە ئەو خانمەی لەگەڵ مندا کەوتۆتە داوی خۆشەویستییەوە بە هەموو دڵ و گیانییەوە ئەویندارمە و گەمە و نمایش ناکات؟
وەڵام: ئەوەیان گرانە! هیچ کەس ناتوانێت دڵنیا بێت، چونکە لە ڕاستیدا خۆشەویستی بۆ خۆی گەمەیەکە. ئەوەیان ڕاستییە! کەواتە گەر تۆ چاوەڕوان بیت و چاودێری بکەیت و بیری لێ بکەیتەوە و هەڵگێر و وەرگێری بکەیت ئاخۆ ئەو خانمەی لەگەڵ تۆدایە یاری دەکات یان هەر بە ڕاستی ئەڤینداری تۆیە، ئەوسا بە هەموو ژیانت ناتوانیت هیچ ئافرەتێکت خۆشبوێت ــ چونکە خۆشەویستی بۆ خۆی گەمەیەکە، گەمەیەکی زۆر زاڵ و گەورە و باڵا.
هیچ پێویست بەوە ناکات لەوە بپرسیت ئاخۆ ئەو ئەوینە ڕاستەقینەیە یان نا؟ تۆش بڕۆ ناو گەمەکە، ئەوەیان کارێکی ڕاستەقینەیە. ئەگەر تۆ ئەوەندە شەیدا و عەوداڵی ڕاستیت، کەواتە خۆشەویستی گەمە

گەورەکەی تۆ نییە. خۆشەویستی خەونە، خەیاڵ و فانتازیایە، داستانە ــ ڕۆمانس و عیشقبازییە و شیعرە. ئەگەر تۆ کوشتە و گەڕیدەی دوای هەقیقەتی، خولیای ڕاستیت، کەواتە خۆشەویستی بەرگ و سیپاڵی تۆ نییە. کەواتە دیسانەوە بچۆرەوە ناو خەڵوەتی خۆت و ڕابمێنە.

من دەشزانم کە پرسەکە بەو جۆرە نییە ــ تێرامان و خەڵوەتکێشی بۆ ئەم شیاو نییە، بە لایەنی کەمەوە لەم ژیانەی کە لە هەنووکەدا هەیەتی! ئەم هێشتا پێویستی بە چەندین کارماس و ئەزموون هەیە لە تەک ژنان و کچاندا. کەواتە ئەو پیاوە بەردەوام بیر لە تێرامان و خەڵوەتکێشی دەکاتەوە و لە هەمان کاتدا لە باوەشی ئەم ئافرەت و ئەو ئافرەتدا دڵ دەگۆڕێت. هەنووکە هەمان بەزم دەست پێدەکاتەوە و ئەو خانمانەی ئەم لە تەکیاندا سەرگەرمی عیشقبازییە دێنە لای من و یەکە یەکە دەپرسن، 'ئەرێ ئەو زەلامە لەو دڵدارییەدا بە ڕاستییەتی یان چی؟ ئێمە چی بکەین؟' ئا لێرەدا پیاوەکەش بە هەمان ڕاز و نیاز و پرسیار دێتەوە بەردەمم!

بەڵام هەر کەسێک لە ئێمە جار و بار تووشی هەمان کێشە و گرفت دەبێت، بە جۆرێک لە جۆرەکان، چونکە ڕەواش نییە کەس دادگایی بکەیت. ئێمە بە خۆمان و دونیا نامۆین ــ زۆریش نامۆین، دیدار و بە یەکگەیشتنەکانمان بە ڕێکەوت دێنە پێشێ. تەنها لە ناکاودا لەسەر ڕێگاوبانەکان ڕوو بەڕووی یەکدی دەبینەوە، کە نازانین ئێمە کێین، ناشزانین کەسانی بەرامبەرمان کێن. دوو کەسی نامۆ بە یەکدی لەسەر ڕێگایەک بە یەکدی دەگەن، دەست دەخەنە ناو دەستی یەکدی ــ وا مەزەندە دەکەن کەوتوونەتە داوی خۆشەویستییەوە.

بە هەموو دڵنیاییەوە هەر هەموویان پێویستیان بە یەکدی هەیە، وەلێ چۆن دڵنیا دەبن لەوەی کە ئەوەی لەو ناوەدا دەگوزەرێت ناوی خۆشەویستی بێت؟

من جارێکیان سەرگوزشتەیەکی پڕ لە گاڵتە و گەپم خوێندەوە، بە جوانی گوێم بۆ بگرە:

لە نیوەشەودا خانمێک گەیشتە شارۆچکەیەک، تەنیا و نامۆ بەو شوێنە بۆ ئوتێل دەگەڕا تا ژوورێکی دەست بکەوێت. سەرەتا شوێنی دەست نەکەوت، دوا جار لە ئوتێلێکدا کابرای پرسگە پێی ڕاگەیاند کە هەر ئێستا دوا ژوور پیاوێکی ئیتاڵی هات و گرتی. ژنەش لە نائومێدیی خۆیەوە پرسی: 'ژمارەی ژوورەکەی چەندە؟ بەڵکو بتوانم ڕایی بکەم بۆ ئەمشەو جێگام بێتەوە.'

فەرمانبەرەکە ژمارەکەی پێ گوت و ژنەکەش سەرکەوت و لە دەرگای دا.. کابرای ئیتاڵی ڕێگەی دا بێتە ژوورەوە.

ژنەکە وتی: 'بەڕێز گیان.. نە تۆ من دەناسیت و نە من تۆ دەناسم، بەڵام من مردووم بۆ خەو..گەر بکرێت لەم ژوورەدا لە پەنایەکدا ڕابکشێم. بە هیچ شێوەیەک بێزارت ناکەم، بەڵێنت دەدەمێ، گەر ڕێگام بدەیت لەسەر ئەو قەنەفەیە بۆ خۆم پاڵ دەکەوم.'

کابرا بۆ خولەکێک بیری لێ کردەوە و پاشان وتی: 'ئۆکەی..بفەرموو..'

ژنەکە لەسەر قەنەفەکە خۆی گرمۆڵە کرد و پیاوەکەش چۆوە سەر پێخەفەکەی خۆی. بەڵام ژنەکە ئاسوودە نەبوو، چونکە قەنەفەکە بەرتەسک بوو، دوای چەند خولەکێک ژنەکە بە ئاسپایی چووە گژ پیاوەکە و سووکی بەسەری پەنجەکانی لە قۆڵی دا:

'بەڕێزم..ڕاستە ئێمە یەکدی ناناسین، بەڵام نووستن لەسەر ئەو قەنەفەیە مەحاڵە. ئاخۆ دەتوانم لەسەر ڕۆخی پێخەفەکەی تۆدا ڕابکشێم؟'

ژنە لە تەک پیاوەکە ڕاکشا، بەڵام دوای چەند خولەکێک هەستی کرد سەرمایە. دیسانەوە کابرای دواند:

' بەڕێزم.. من و تۆ نامۆین بە یەکدی، بەڵام من زۆر سەرمامە. ئاخۆ بۆم هەیە بێمە ژێر پەتۆکەی تۆوە؟'

کابرا ناچار بوو قایل بێت: 'فەرمووو خانمەکەم.'

ژنەکە خۆی نووساند بە پیاوەکەوە، بەڵام نزیکی نێرێک و بەرکەوتنی لەشی خانمەکەی وروژاند بە ڕادەیەک کە ئاڵۆشداری بکات. دیسانەوە بە ئاسپایی قۆڵی گرت و وتی:

'بەڕێزم..ڕاستە یەکدی ناناسین، بەڵام ڕات چییە گەر ئاهەنگێکی هاکەزایی ساز بکەین؟'

کابرا تووڕە و بەلەسە بوو.. بە دەم هەڵچوونێکەوە ڕاست بۆوە و قیڕاندی:

' گوێ بگرە خانم..من تۆ ناناسم و تۆش من ناناسیت. بەم نیوەشەوە..نیازت وایە کێ بۆ ئەم ئاهەنگەی تۆ بانگ بکەین؟'

بەڵام شتەکان هەر بەم شێوەیە دەگوزەرێن، 'تۆ من ناناسیت، من تۆ ناناسم.' هەر هەمووی تەنها ڕێکەوتە و هیچی دیکە. هەموومان چاوەڕوانی پێویستییەکانین کە بۆمان فەراهەم بێت، خەڵکی هەست بە تەنیایی دەکەن، هەر هەمووشمان پێویستیمان بەوە هەیە کە کەسانێک هەبن لەو تەنیاییە ڕزگارمان بکەن، کەسێک بێت و بۆشایی ڕۆحیمان پڕ بکاتەوە. هەر هەمووشمان ئەم گەمەیە ناو دەنێین خۆشەویستی. هەمووان نمایشی خۆشەویستی دەکەن و سۆز پیشان دەدەن، چونکە ئەوەیان تاکە ڕێگایەکە بۆ ئەوەی ئەویدیکە قولاپەکە بیگرێت و ڕاو بکرێت. دیسانەوە کەسی بەرامبەریش ناو لە گەمەکە دەنێت خۆشەویستی، چونکە ئەوەیان تاکە ڕێگایەکە تۆ ڕاو بکات. بەڵام کێ دەتوانێت دڵنیا بێت لەوەی کە ئاخۆ ئەوەی لەو بەینەدا هەیە خۆشەویستییە یان نا؟ لە ڕاستیدا..خۆشەویستی بۆ خۆی گەمەیەکە..تەنها گەمەیەک.

بەڵێ..خۆشەویستیی ڕاستەقینە هەیە و مەحاڵ نییە.. شیاوە، بەڵام تەنها ئەو کاتە ڕوو دەدات کە تۆ پێویستیت بە کەس نەبێت ـــ هەر ئەوەش بۆ خۆی گرفت و گرانە. ئەوەیان هەر هەمان شێوازی کارکردنی

بانکەکانە. ئەگەر تۆ بچیتە بانکێک و پێویستت بە پارە بێت، چاوەڕوان مەبە هیچت پێ ببەخشن. ئەگەریش پێویستت بە پارە نەبێت، لەوەدا کە گوایە بەشی خۆتت هەیە، دێن بە پیرتەوە و هەمیشە ئامادەن شتێکت پێ ببەخشن. ئەو کاتەی پێویستت بە هیچ نییە، ئەوان ئامادەن ببەخشن، ئەو دەمەی کە تۆ پێویستت پێیەتی، ئەوان ئامادە نین هیچت بدەنێ.
سەیرە..ئەو کاتەی کە تۆ بە هیچ شێوەیەک پێویستت بە کەس نییە، ئەو کاتەی تۆ بە تەواوی ئاسوودەیت بەوەی کە هەر خۆتیت و نایکەیت بە خەم، کاتێک تۆ تەنیایت و تا ئەوپەڕی شاد و سەرمەستیت، ئەوسا خۆشەویستی ئەگەرێکی کراوە و شیاوە. بەڵام.. ئا لەو وەختەشدا، هەمدیس، تۆ ناتوانیت لەوە دڵنیا بیت ئاخۆ خۆشەویستیی کەسی بەرامبەر راستەقینەیە یان نا ــ تۆ دەتوانیت لە تاکە شتێک دڵنیا بیت: ئاخۆ خۆشەویستییەکەی خۆت کە لە دڵتایە تەواو و راستەقینەیە. ئاخر چۆن دڵنیا بیت لە خۆشەویستیی بەرامبەرەکەت؟ بەڵام.. کە وابێت هیچ پێویست ناکات خۆت سەغڵەت بکەیت.
ئەم دڵەڕاوکێ و ترسە سەبارەت بەوەی ئاخۆ خۆشەویستیی بەرامبەرەکەت راستەقینەیە یا نا زۆر بە سادەیی یەک شتمان پێ دەڵێت: کە خۆشەویستییەکەی تۆ راستەقینە نییە و جێگەی گومانە. ئەگینا..کێ خۆی بەم پرسەوە سەغڵەت دەکات؟ بۆچی و لەپای چی مرۆڤ خۆی وا شێت و شپرزە بکات؟ مردوو مراو.. چێژ و خۆشی لێ ببینە و کەیفت ساز بێت تا ئەو کاتەی خۆشەویستییەکە یان گەمەکە بەردەوامە، پێکەوە کۆک بن تا ئەو شوێن و کاتەی کە دەکرێت تەبا و تفاق بن! هەر هەمووی وەک داستان و چیرۆکی خەیاڵئامێز وایە.. بەڵام تۆ خۆت پێویستیت بەوەیە خاوەنی ئەو فیکشن و داستان و فانتازیایە بیت.
سەرچاوە:
OSHO
aloneness ،freedom ،Love
THE KOAN OF RELATIONSHIPS
St. Martin's Griffin
New York
Copyright: 2001
www.osho.com